www.kurdistannet.org
26-4-2006 17:07 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سوپاس بۆ وەدەنگ هاتنتان ... ئارام گەردی

aram_mmmm@yahoo. Com



هەر دوای ئەو پەیامەم بۆ نووسەر موحتەرەمەکان، بە بڵاونەکردنەوەی نووسینیان لە کوردستان پۆست، ئێستا نووسینی هیچ یەکێك لەوانە نابینیەوە لەو ماڵپەڕە، بۆیە شیان سوپاس.

ئێستا ئەوان ئەوەندە عەزل کراون و سەریان لێشێواوە، تەنانەت لە بیریان چووە، ئیمەیڵەکەی خۆیان، کە پێویستە دابنرێت لە رووپەری ماڵپەرەکەیان، دابنێن، باشە ئەگەر نووسەرێك ئەگەر بە نیاز بێت، نووسینێکیان بۆ بنێرێت، دەبێت چۆن بینیرێت، یا بە لای کەمی بۆ دواوە بگەڕێنەوە و ژمارەی فاکسێك بخەنە بەر دەستی خوێنەرانیان.

ئەوە سیاسەتە، ناحەکیمەکانیان بوو، بەمجۆرە دوورەپەرێز خران و رۆژ لە دوای رۆژ، لە ماراسۆنی خێرای رۆژنامەی ئەلەکترۆنی کوردی، بە دوا دەکەون.

چونکە قسەی راست دەنووسم و خوێنەرانیانیان لی وەئاگا دێنمەوە، بۆیە بە جۆرێك هەڵچوون، سەر وتارێکی خۆیان تەرخان کردووە، بۆ جنێو دان بە من.

دڵنیام، ئیمانی ئاسکۆڵەی شیعرڤان، ئەو پەیامەمی نەخوێندۆتەوە، دەنا ئەو خانمەش ووشە ناسکەکانی نەدەخستە سەر ئەو گۆرەپانە زبرە.

خەتای من نییە، ئەوان لە پاشەکشەدان، ئەوە رەوتە هەڵەکەی خۆیانە، باجی گورز وەشێنیان لێدەدات، بڕوابکەن جار بە جار بەزەییشم پێیان دێتەوە، ئاخر فەقیرانە، هیچ نەبێت رۆژانە کاتێکی زۆر لەو ساتە ئاڵتوونیانەی خۆیانی لی خەرج دەکەن.

دێمەوە، سەر ئەو هەڵوێستە جوانەی نووسەرە راستەقینەکان، کاتێك بریاریاندا، پەیڤە هەڵقولاوەکانی ناخی خۆیان، کە ماندوو دەبن پێوەی، نەخەنە سەر زبڵدانێك، کە ئەگەر نووسینەکانیان، یاقووتیش بێت، فافۆن نیشاندەدات.

لە سایەی تەکنەلۆژیای خێرا و زەرووڕەتی دروست بوونی مینبەری ئازاد و سەربەخۆ، جگە لە کوردستان نێت، کە پێشەنگی هەموانە و سەرچاوەی رووبارەکەیە، کۆمەڵێك سایتی جوان و سەربەخۆ هاتوونەتە چێکردن، کە شایەنی ئەوەن مرۆ شانازییان پێوە بکات، بۆیە هەر نووسەرێك مەبەستی بێت، نووسینێکی بخاتە شوێنێك، کە لە ریزی ووشەکانی کەم نەکاتەوە و سەدایەکیشی هەبێت، ئەوا لە خوا بە زیاد بێت، ئەو ماڵپەرانە زۆرن.